# ڕزگاربووانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان



# توندوتیژی خێزانی و سێکسی

tennessee coalition to end domestic & sexual violence

## یارمەتی خۆرایی و نهێنی بەردەستە

زانیاری زیاتر وەرگرە سەبارەت بە بەرنامەکانی هاوپەیمانییەکە لە وێبسایتی *tncoalition.org* یاخوود پەیوەندی بکە بە ژمارە 615-386-9406

هێلی گەرمی نیشتیمانی:
1-800-799-7233

TENNESSEE TEP EQUALITY PROJECT

ڕاوێژکردنی بێمەرج بریتییە لە پرۆژەیەک لەلایەن ڕێکخراوی پرۆژەی یەکسانی ویلایەتی تێنیسی، وە نەخشەیەک دەخاتەڕوو کە تیایدا دابینکەرانی درووستی دەروونی نیشاندەدات کە ئەمانە خزمەتگوزاری پاڵپشتیکەرانە پێشکەش دەکەن بەتایبەت سەبارەت بە بابەتەکانی حەزی سێکسی وە دەربڕین یان ناسنامەی ڕەگەزیی. دەکرێت لێرەوە نەخشەکە ببینرێت:

tnep.org/counseling_unconditionally

پرۆژەکە پاڵپشتی لێکرا لەلایەن خەڵاتی ژمارە 2017-VA-GX-0051 کە لە پێشکەشکرابوو لەلایەن هەریەک لە نووسینگەی قوربانیانی تاوانکاری، نووسینگەی بەرنامەکانی دادپەروەری، وە هەروەها وەزارەتی دادی ئەمریکا، ئەمەش لەڕێگەی بەرنامەکانی نووسینگەی دادی تاوانکاری سەر بەویلایەتی تێنیسی.

خەڵکانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان لە مەترسییەکی زیاتری توندوتیژی خێزانی و سێکسیدان، بەڵام تەنها 1 کەس لە کۆی 5 ڕزگاربووی ئەم کۆمەڵگە هەوڵی وەرگرتنی خزمەتگوزاریەکان دەدات.
توندوتیژی هاوژینیی سۆزداری ناسراو بە (IPV) لە هەموو کۆمەڵگەکان ڕوودەدات. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە دوور لە توندوتیژی بژیت وە یارمەتیت بدرێت سەرەڕای ئەوەی کە ناسنامەی ڕەگەزییت، دەربڕینی ڕەگەزیت، یان حەزی سێکسیت هەرچییەک بێت.

## یارمەتی گشتگیر هەیە جا لە هەرشوێنێک بیت.

East TN
Appalachian OUTreach
appalachianoutreach.org/

Middle TN
tncoalition.org

West TN
LOVE DOESN'T HURT
lovedoesnthurt901.com

# ئەمە بۆچی گرنگە؟

لایەنگیری دژ بە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان دەکرێت ببێتە هۆی بەربەست دروستکردن بۆ ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە لەوەی کە دەستیان بگات بە خزمەتگوزاری و پاڵپشتی و خۆبەڕێوەبردن، وە هەروەها بەرنامەی پاڵپشتی بۆ دابینکردنی شوێنی مانەوە.

.

%44
لە ئافرەتانی هاوڕەگەزخواز

%61
لە ئافرەتانی دووڕەگەزخواز

%26
لە پیاوانی هاوڕەگەزخواز

%37
لە پیاوانی دووڕەگەزخواز

ئەم ڕێژانە بەرزترن لە ناو خەڵکانی ڕەشپێست و خوێندکارانی زانکۆ

**تووشی دەستدرێژی، توندوتیژی جەستەیی، یان بێزارکردن دەبنەوە لەلایەن هاوژینێکی سۆزدارییان**

**64% لە کەسانی ڕەگەزگۆڕ تووشی توندوتیژی سێکسی دەبنەوە لە ماوەی ژیانیاندا**

## توندوتیژی هاوژینیی سۆزداری چۆنە لە پەیوەندی سۆزداری نێوان کەسانی سەر بەکۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان؟

خەڵکانی کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان ڕووبەڕووی هەمان ئەو شێوازی ئازاردانانە دەبنەوە کە ئەو خەڵکانە دەبنەوە تووشیدەبن کە حەزیان بە ڕەگەزی بەرامبەرە. ئەو لایەنگیریە نەرێنیەی کە سەرچاوەکەی هۆمۆفۆبیا و ترانسفۆبیایە دەبێتە هۆی دروستکردنی بەربەستی زیاتر بۆیان.

## ئایا هاوژینەکەت (یان هاوژینەکانت)...

- هەڕەشەی ئەوەت لێدەکات کە هاوڕەگەزخوازییەکەت ئاشکرابکات بۆ هاوڕێکانت، خێزانەکەت، یان کۆمەڵگەکەت؟
- ئایا زاڵبووە یان هەوڵ دەدات زاڵ ببێت بەسەر دەرمانەکانت، جلوبەرگت، یان هەر شتێکی تر کە تۆ بەکاری دەهێنیت بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی و ئاسایش بکەیت سەبارەت بە جەستەی خۆت؟
- قسەیەک دەکات کە وا لەتۆبکات هەست بە نائاسوودەیی بکەیت سەبارەت بە جەستەت، ناسنامەت، یان لایەنی سێکسیت؟
- هەڕەشە دەکات لێت کە دوورەپەرێزت بکات لە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان؟

**هەموو شێوازەکانی ئازاردان باوەڕپێکراون. ئەگەر تۆ یان کەسێک کە دەیناسیت تووشی توندوتیژی هاوژینیی سۆزداری بۆتەوە، ئەوا داوای یارمەتی بکە لە یەکێک لە شێوازەکانی یارمەتیدانمان، تۆ بەتەنها نیت.**